

گەشاوە جاف

**مردنێکی پڕ تاسە**

کوشندەیە ساتەکانی بێدەنگیی

لە تاریکی شەوەزەنگدا دەتتاسێنێ

هەنگاو دەنێین بەبێ هیوا

توانای پەڕینەوەی ئەم دەریایی غووربەتەی نەما

ماندووی کردی..............

بێهیوا بەڕێیدەکەی ئەم ساتانە لە غوربەتا

هەموو ڕۆژێ جۆرە بێدەنگییەك ئاسمانی دڵ دەگرێ

بەرەو دنیای خەیاڵ ڕاکێشت دەکات

ئەو خەیاڵانەی کە هەزاران کەس مەستدەکەن

بەڵام ناگەنە ئەنجامێک .. ببێتە دەرمانی دڵی بێ نەوا،

زوڵمەتێکە کەس بە هاواری کەس نایەت

وا باڵیکێشاوە بەسەر گشت دنیا

کە هەردەم ڕووناکی نابینی سەردەرکا

تاریکیەکە چاو..چاو بەدی ناکات

بێدەنگییەکە ووشە لە زار سەر دەرناکا

کۆتاییەکی پڕ حەسرەتە ڕوو لە هەمووان

له دەرگای گشت کەس دەدات

تا ئامادەبن بۆ دوا گەشتی ئاسمان

بێ قەرارە ئەم بێدەنگیی و زووڵمەتە..کە هەمووجیهان تەیدەکات

ناتوانێ لە شوێنێکدا پشووبدات

بەبێ ئازار گشت مرۆڤان گەشبین بکات

ئای لەم زوڵمەتەی .. هێندە بێ قەرارە

ناتوانێ لە هیچ کونجێکی ئەم دنیا

ئۆقرە بگرێ بۆ هەتاهەتایێ گووزەر نەکا.

٢٠٠٧ / لەندەن

گەشاوە جاف